وریـــــا جــــاف

# گەشتی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ماوەی ١٢٣ ساڵدا

پیرمام ٢٠٢١

ناوی کتێب: گەشتی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ماوەی ١٢٣ ساڵدا
بابەت: مێژووی ڕۆژنامەگەریی
نووسینی: وریـــــا جـــــاف

تایتلێ بەرگ: حامد سەقزی
دیزاینی ناوەوە: سۆران تاودەر
چاپی یەکەم
هەولێر ٢٠٢١
ژمارەی سپاردن: ٧٥٤ ساڵی ٢٠٢١ – هەولێر – هەرێمی کوردستان

سـڵاو لـە پێشـەنگی نووسـەرانی کـورد شۆڕەسـواری توانـادار مقـداد بەدرخـان، و هاوەڵەکانـی

١. مقداد بەدرخان ٢. جەلادەت بەدرخان ٣. پیرەمێرد
٤. حسين حوزنى موكريانى ٥. رەفیق حلمى ٦. گێوی موکریانی
٧. حسين ناظم ٨. شەهيد مەلا أنور مائى ٩. فلك الدين كاكەيى
١٠. صالح زەکی صاحبقران ١١. د. محمد صديق مفتى زادە
١٢. صالح حيدەرى ١٣. مصطفى پاشا ١٤. احمد جمال دياربكرى
١٥. محمد تورجانى ١٦. علاء الدين سجادى ١٧. امين رواندزى
١٨. شاكر خدو و على مەمەدوف ١٩. عزالدين فيزى
٢٠. محمد بريفكانى ٢١. محمد ملا كريم ٢٢. سعيد ناكام
٢٣. پارێزەر عمر جلال حەوێزی ٢٤. د. كمال مظهر احمد
٢٥. د. كمال فؤاد ٢٦. د. عزالدين مصطفى رسول ٢٧. د. جمال رشيد
٢٨. مارف خەزنەدار ٢٩. جبار جبارى ٣٠. هەژار ٣١. دلشاد مەريوانى
٣٢. د. نەسرین فخری ٣٣. کامەران موکری ٣٥. ئەستێر سەعید
٣٦. د. کەمال خەیات ٣٧. فەرەیدون على ئەمین ٣٨. د. محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆڵ) ٣٩. محەمەد ئەمین زەگی بەگ
٤٠. کامیل قەفتان ٤١. محەمەد حاجی عەزیز قەفتان ٤٢. قەدری جان
٤٣. حافظ مستەفا قاضی ٤٤. شكرالله بابان ٤٥. کاکەی فەلاح

# لە ڕۆژنامەگەری دەترسم لە سوپا ناترسم

دەسـپێکی ڕۆژنامەگەریـی کوردسـتان لـە ١٨٩٨/٤/٢٢ لـە قاهیـرە لەلایـەن میقداد مەدحـەت بەدرخـان لـە بارودۆخێکـدا یەکجـار دژوار بـوو کـە گەلەکەمانـی پێـدا تێپـەڕ دەبـوو، لـەو کاتـەی ئومێـدی هیـوا بەدەگمـەن لـە ئاسـمانی بـەدی دەکـراو گەلەکەمـان دووچـاری ڕاوەدوونـان و سـەرکوت کـردن و داپڵۆسـین دەتلایـەوە، ڕۆژنامـەی (کوردسـتان) مـوژدەی بـەردی بناغـەی ئـەو کارە شارسـتانیەی بـە گەلەکەمـان دا و تۆکمـە کـرا، ڕۆژنامـەی (کوردسـتان) ئومێـد و هیـوای خسـتە لای ڕۆڵەکانـی گەلکەمـان، ئیتـر هێـدی هێـدی ڕۆژنامـەی کـورد یـان باشـتر وایـە بڵێیـن، ڕۆژنامـەی کـوردی کەوتنـە پەیدابـوون و کەوتنـە خزمـەت کردنـی کاروانـی خەبـات گەلەکەمـان، ڕۆژگـەری (کوردسـتان).

ڕۆژنامـە باسـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئابـووری لـە پێگەیاندنـی گۆڤـارە، بـە ئاشـکراو بـە نهێنـی، دەورێکـی باشـیان لـە خزمەتـی زمـان و ئـەدەب و مێـژووی کـوردی و خەبـات لـە پێنـاوی کامەرانـی میللـەت بینـی.

قۆناغەکانـی پەرەسـەندن و گەشـەپێدانی ڕۆژنامـەی کـوردی، سـەرەڕای داپڵۆسـین و سـەرکوتکردنی گەلـی کـورد لەلایـەن دوژمنەکانیـەوە کـە هیـچ بوارێکیـان نـەداوە بـۆ سـەربەرزکردنەوەی، لەگـەڵ گەلـی کـورد خـۆی پاراسـتوە و ڕۆژانـە هەسـتی نەتەوایەتـی پتـر لەناویانـد پـەرەی سـەندووە و داوای سەربەسـتی و ئـازادی خـۆی کـردووە، ڕۆژنامـەی نەتەوەکەشـمان کـە بەشـێکە لـە بزوتنـەوەی ئازادیخـوازی کـورد، سـەرەڕای هەمـوو ڕاوەدونـان و ئـازار و ئەشـکەنجەدانی گەلەکەمـان چەنـد قۆناغێکـی گەشـەدان پەرەسـەندنە بەخۆیـەوە بینیـوە، کـە دەتوانیـن بـەم شـێوەی خـوارەوە دەستنیشـان بکەیـن:

١. ڕۆژنامەگـەری کـوردی، قۆناغـی شۆڕشـی سـلێمانی شـێخ مەحمـوودی حەفیـد، ڕۆژنامـەی ڕۆژی کوردسـتان، ڕۆژنامـەی بانگـی کوردسـتان، ڕۆژنامـەی بانگـی حـەق، ڕۆژنامـەی ئومێـدی اسـتلال ١٩٢٢-١٩٢٣.
٢. قۆناغـی کۆمـاری مهابـاد ١٩٤٦-١٩٤٧، پێشـەوا قـازی محمـد حکومەتـی کوردسـتانی ڕاگەیانـد، هەبـوو بـۆ گەشـەپێدانی ئـەدەب و هونـەر و فەرهەنگـی کـوردی، گۆڤـاری کوردسـتان، گۆڤـاری هەڵاڵـە، گۆڤـاری گـرو گاڵـی منداڵانـی کـورد،... هتـد.
٣. بەغـدا قۆناغـی ١٩٥٨/٧/١٤، ڕۆژنامەگـەری کـوردی لـە بەغـدا و

زۆربـەی شـارەکانی کوردسـتان: خەبـات، ئـازادی، ڕای گـەل، ڕۆژی نـوێ، ڕاسـتی، کوردسـتان، هەتـاو، شـەفەق، ڕزگاری...هتـد.

٤. قۆناغـی ١٩٧٠/٣/١١ ڕۆژنامەگـەری کـوردی بـێ ئەنـدازەی بەخـۆوە دی و بـۆ هەمـوو بـوارەکان ڕۆژنامـەو گۆڤـار لـە ئارادابـوو: سیاسـی، ئەدەبـی، ڕۆشـنبیری، التاخـی، نووسـەری کـورد، ڕۆژی کوردسـتان، برایەتـی، بەیـان، دەنگـی مامۆسـتا، نووسـەری نـوێ، بیـری نـوێ، گزەنـگ، گۆڤـاری برایەتـی، هـاوکاری، بەغـدا. ڕۆژنامەگـەری کـوردی ئـەوە بـوو پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە مێـژووی گەلی کـورد بـۆ یەکەمیـن جـار ڕۆژنامەییەکـی ڕۆژانـەی سیاسـی دەکـرا ئەویـش ڕۆژنامـەی (برایەتی)بـوو لەگـەڵ گـەزەنگـی ڕۆژی ١٩٧٤/١/١ بـە شـێوەیەکی ڕۆژانـە کەوتـە بڵاوکردنـەوە، گرینـگ بـوو لـە مێـژووی ڕۆژنامەگـەری کـوردی.

٥. قۆناغـی پـاش ڕاپەڕینەکـەی بەهـاری سـاڵی ١٩٩١ ڕۆژنامەگـەری کـوردی بـە شـێوەیەکی گشـتی لـەم قۆناغـەدا پەرەسـەندنێکی مەزنـی بێوێنـەی بەخـۆوە دی، لـە سـەرووی هەموویانـەوە ڕۆژنامەکانـی (برایەتـی، خەبـات، کوردسـتانی نـوێ، ... هتـد)، کـە هەموویـان بەرگـری لـە یاسـاو شـەرعیەت و پەرلەمـان دەکـەن، قۆناغـی پـاش ١٩٩١.

٦. ٢٠٠٣/٤/٩، کاتێـك ئەمـە پێکهـات بـۆ عێـراق دوای لەناوبردنـی سـەدام حوسێن، هـەر لـەم ڕۆژە پێشـمەرگەی کوردسـتان گەیشـت بـە شـاری کەرکـوك و ناوچـە جیـاوازەکان، ئینجـا ڕۆژنامـەو گۆڤارەکانـی کوردسـتانیش لـە کەرکـوك و شـارەکانی تـر.

ئێستا خەریکم کتێبێك ئەنووسم وەك پێویست بۆ کتێبخانەکەی خـۆم، وە لـە کەرکـوك ڕامکـرد بۆ ماوەی ٤ سـاڵ لـە ١٦ی ئۆکتۆبـەری ٢٠١٧، دەبێـت سوپاسـی ئەوانـەش بکـەم کـە ئێسـتا ڕۆژنامـەو گۆڤارەکانـم بـۆ وێنـە ئەگـرن و بـۆ ئەنێـرن ڕۆژانـە، مـن دوو کتێبیـم کـردووە لەسـەر ڕۆژنامـەو گۆڤـارەکان، خـۆم لـە ئێسـتادا خەریکـی کتێبـی سـێیەمم و پێشکەشـی دەکـەم و ئومێـدم وایـە بەدڵیـان بێـت.

**وریـــا جـــاف**

**شارۆچکەی پیرمام**

**شەقامی گشتی - ئوتێل و چێشتخانەی نازەنین**

**٢٠٢١/٦/١**

# كوردستان

نۆبەرەو یەکەم ڕۆژنامەی کوردی


كردستان
١٣١٥
بغداد بدخت
بسم الله الرحمن الرحيم
ومن الله التوفيق

ئـەم ڕۆژنامەیـە لـە شـاری قاهیـرە و لەلایـەن میقـداد مەدحـەت بەدرخـان چـاپ و بڵاوکرایـەوە، ڕۆژنامـەی (کوردسـتان) لـە قاهیـرە، جنێـڤ، لەنـدەن و فۆلکتـۆن،

ژمارە (١) لە ١٨٩٨/٤/٢٢.

ژمارە (٣١) ١٩٠٢/٤/١٤.

# كورد تعاون وترقی غزتەسی


کرد
تعاون وترقی غزته سی
۱۳۲۴

ئـەم گۆڤـارە لـە سـاڵی ١٩٠٨ لـە شـاری ئەسـتەنبول بـە زمانـی کـوردی کرمانجـی باکـور و زمانـی تورکـی بـە پیتـی عەرەبـی بڵاوکراوەتـەوە. دینــی، علمــی، ئەدەبــی، ئیجتیماعــی، غەزەتــی ڕۆژنامەیەکــی هەفتەیــی بــووە.

ساحیبی ئیمتیاز و محەرری: سلێمان یەلی تۆفیق
سەرموحەرری: ئەحمەد جەمال دیاربەکری
ژمارە (١) لە ١٩٠٨/١٢/٥.

# پەیمان


پیمان
۳۲۵

ئـەم ڕۆژنامەیـە لـە شـاری دیاربەکـر لـە سـاڵی ۱۹۰۹ دەرئەکـەوێ، کـە ڕۆژنامەیەکـی هەفتانـە بـووە و هەمـوو ڕۆژانـی دووشـەممە بڵابۆتـەوە، ڕۆژنامەیەکـی سـەربەخۆی سمانلی بـووە. هـۆی چاپکـردن و لایەنـی دیـار بـە شـێوە و زمانـی کـوردی کرمانجـی بڵاوبۆتـەوە، لەگـەڵ زمانـی تورکـی هەردووکیـان بەپیتـی عەرەبـی.

خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری لێپرسراو: میری کاتبی زادە شکری

بەرنووسەری: ع. باقی

# گۆڤاری ڕۆژی کورد


صاحب امتیاز
و مدیر مسئول :
عبدالکریم
عدد : ۳

روژ کرد

تاریخ تأسیسی :
غرهٔ رجب
۱۳۳۱
زمار : ۳

۱۱ رمضان سنه ۱۳۳۱ | شیمدیلک آیده بر نشر اولونور | ۱ اغستوس سنه ۱۳۲۹

بدرخانی مرحوم حسین کنعان پاشا

ئەستەنبول، ئـەم گۆڤـارە لـە سـاڵی ۱۹۱۱ لەلایـەن کۆمەڵـەی (هێڤـی)، خاوەنـی ئیمتیـاز و بەڕێوەبـەری (عەبدولکەریـم سـلێمانی) بـووە. گۆڤاری ڕۆژی کـورد بە کـوردی و بە زارەوەی باکور و باشـور بڵاوبۆتەوە.

ژمارە (۱) لە ٦/٦/ ۱۹۱۱


# ڕۆژنامەی تێگەیشتن ڕاستی


تی گه یشتن راستی

ڕۆژنامەییەکـی سیاسـی کـوردی بـوو، لەلایـەن ئینگلیزەکانـەوە میجەرسـۆن لـە شـاری بەغـدا دەرچـووە، مێجەرسـۆن دەسـتی بـاڵای لـە دەرکـردن و بەڕێوەبردنـی تێگەیشـتن ڕاسـتی هەبـووە، بـەڵام قەڵەمـی کـوردزا ئینگلیـز (مێجەرسـۆن)ی بەسـەرەوە دیـارە.

ژمارەی(١) لە ڕۆژی سێ شەممە ١٩١٧/١/١
دوا ژمارە لە (١٩١٨-١٩١٩)

# گۆڤاری ژین



برنجی سنه — ۷ تشرین ثانی ۱۳۳٤ — عدد ۱

ژین

سنه‌لکی ۲۲۰ غروشدر.
آلتی آیلغی ۱۳۰ غروشدر

مسلکمزه موافق مقالات
مع الممنونیه درج اولنور .

سالک ۲۲۰ غروش .
نیم سال ۱۳۰ غ

درج اولونمیان مقاله‌لر
اعاده ایدلمز

دین، ادبیات، اجتماعیات واقتصادیاتدن بحث ایدر تورکجه کوردجه مجموعه‌در


## بر حسب حال

اعصار مدیده‌دنبرو توالی ایدن حادثات تاریخیه‌سنك کندوسنه تحمیل ایتمش اولدیغی وظائف شفقتك بار گرانی آلتنده أولش اولدیغی حلده وظیفهٔ صحیحهٔ دینیه‌سی برسکوت ووقار دیده وامه وغایت مردانه و شجیعانه برطور ایله ایفا ایتمش اولان کرد ملت نجیبه‌سی مقدراتی تعقیب ایتمك ایچون [ ژین ] نامیله و برحیات نوین ایله بو کون ساحهٔ مطبوعاتده بر مجموعه اثبات وجود ایدیور . طولاً فارس وا ضرومدن باشلایه‌رق ایرانك شیراز و اصفهانه قدر امتداد ایدن جبال واراضی داخله و عرضاً تبریزدن حلب جهتلرینه قدر یاییلوب لااقل بش ملیون نفوس تشکیل ایدن وخلافت معظمهٔ اسلامیه ایله دولت ابدمدت عثمانیه‌یه صداقت و عبودیتی قلبیجه ، فعلیه اثبات ایتمش اولان بوقوم شجیع معروض قالمش اولدیغی موقع مشکلی انظار نصفت وبرونه عرض ایتمك ایچون شمدی‌یه قدر قوللانادیغی بر واسطه‌یه کاشبانه مراجعت مجبوریتنده بولنیور .

زبان دردهان ای خردمند چیست
کلید در گنج صاحب هنر

ئـەم گۆڤـارە لـە پایـزی سـاڵی ١٩١٨ لـە ئەسـتەنبول بڵابۆتـەوە، وە زانـراوە ئۆرگانـی نارەسـمی (کۆمەڵـەی پێشـکەوتنی کوردسـتان) بـووە، گۆڤارەکـە بـە زمانـی تورکـی و کـوردی هـەردوو زارەوەی باکـور و باشـور بڵابۆتـەوە. وتـارو هەڵبەسـت و باسـیان تێـدا نووسـیوە.
بابـان زادە عەبدولڕەحمـان سـەلیم، ئەردەلانـی داوەر، لاهوتـی خـان، محمـد مهـری، موسـەوی سـلێمان، قـازی زادە لەتیـف، قـازی مسـتەفا شـووقی، پیرەمێـرد ، لەبەشـی کرمانجـی سـەرو: عەبدولڕەحیـم هـەکاری، فیکـرەت نەجـدەت، هەمـزە موشـەکی، زادە سـابت، سـلێمان بوتـی، خەلیـل خەیاڵـی، زاخۆیـی،... هتـد).
وە تێکڕای (٢٥) ژمارەی لێ دەرچوو، کۆتای ژمارە لە ١٩١٩/١/٢ بوو.

# گۆڤاری بانك كورد یان بانگی كورد


عدد : ١ — ژماره ١

صاحب ومدیر مسئولی
بابان جمال الدین

بانگ کرد ١٣٣٢

آدرس :

٢٦ کانون ثانی ٣٢٩ — ١٢ ربیع الاول ٣٣٢

مندرجات

نسخەسی ... پارەدر

بەغـدا لـە ١٩١٤/١/٢٦ ڕۆشـەنبیری خەمخـۆر (جەمالەدیـن ڕەشـید بابـان)

# ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان



لە ساڵی ١٩٢٠ لە ورمێ ئەم ڕۆژنامەیە ئۆرگانی بزووتنەوەی سمکۆی شکاك بوو، ناوی (ڕۆژی کورد) بڵابۆوەتەوە، وە محمد تورجانی سەرنووسەری بووە، ڕۆژنامەیەکی سیاسی ، ئەدەبی، ئیخباری بووە.

# ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان


روژ کوردستان
بدل آبونه
٣ مانك يك ٦ مانك دو
سالی چوار روپیه
تاریخ انتشار
١٥ تشرین ثانی ١٩٢٢
سلیمانی
سیاسی ، ادبی ، اجتماعی ، غزته‌یکی رسمیه
هفته جاریك دره‌چی
سال ١ نمره ١ [چوارشنبه] ٢٥ ربیع الاول ١٣٤١ ١٥ تشرین ثانی ١٩٢٢

ئـەم ڕۆژنامەیـە زمانحاڵـی حکومەتـی شـێخ مەحمـودی حەفیـد بـووە، بـە شـێوەیەکی هەفتانـە بڵاوبۆتـەوە. ڕۆژنامەیەکـی سیاسـی، ئەدەبـی، کۆمەڵایەتـی ڕەسـمی هەفتانـە بـووە.

خاوەن و لێپرسراوی: م. نووری

سەرنووسەر: علی کمال بوو.

ژمارە (١) لە ١٩٢٢/١١/١٥

# ڕۆژنامەی بانگی کوردستان بانگ کردستان


بانگ کردستان

رفیق حلمی

سلیمانی

۲۰ آغستوس

١٩٢٢


ئـەم ڕۆژنامەیـە زمـان حاڵـی حکومەتـی شـێخ مەحمـودی حەفیـد بـوو، لـە سـلێمانی یەکـەم ژمـارەی لـە ۱۹۲۲/۸/۲ بڵابۆتــەوە، ڕۆژنامەیەکـی زانسـتی، کۆمەڵایەتـی، ئەدەبـی و هونـەری بـووە بـە زمانـی کـورد و تورکـی و فارسـی دەرچـووە.

خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوبەر و لێپرسراو: حاجی مصطفی

نووسەری بەشی کوردی و فارسی: علی کمال و م. نوری

نووسەری بەشی تورکی: ڕەفیق حلیمی

# ڕۆژنامەی بانگی حەق



بانگ حق

۲۸ مارت ۱۳۳۹

سال ۱ | ژماره ۱ | پنجشنبه | ۲۸ مارت ۱۳۳۹

بسم الله الرحمن الرحيم

ئـەم ڕۆژنامەیـەش زمـان حاڵـی حکومەتـی شـێخ مەحمـودی حەفیـد بـوو لـە سـلێمانی، ڕۆژنامەیەکـی سیاسـی هەفتانـە بـووە، شـوێنی دەرچوونـی سـلێمانی لـە ناوچـەی سـورداش لـە ئەشـکەوتی جاسـەنە. مێـژووی دەرچوونـی ژمـارە (١) لـە ١٩٢٣/٣/٨

# ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال



امید استقلال

سیاسی ، ادبی ، اجتماعی غزته‌یکی رسمیه

(سال ۱) (ژماره ۱)

ئـەم ڕۆژنامەیـەش زمـان حاڵـی شـێخ مەحمـوود بـووە، وێژەیـی و کۆمەڵایەتـی هەفتەیـی بـوو، ئەمیـش وەکـو ئەوانـی پێشـوو ئۆرگانـی بزووتنەوەکـەی شـێخ مەحمـوودی حەفیـد بـوو،

بەڕێوەبەر و نووسەری: ڕەفیق حیلمی

## ڕۆژنامەی ژیانەوە


ژیانەوە

ئـەم ڕۆژنامەیـە، ڕۆژنامەیەكـی وێژەیـی هەفتانـە بـوو لـە ڕۆژی دووشـەممان دەردەچـوو. هەفتـەی جارێـك لـە سـلێمانی دەردەچـوو، خاوەنی ئیتیازی: حسێن ناظم

یەكەم ژمارەی واتە ژمارە (١) لە ١٩٢٤/٨/١٨

دوایین ژمارەی: (٥٦) لە ١٩٢٦/١/١٤


## ڕۆژنامەی ژیان


ژیان

ئـەم ڕۆژنامەیـەش لـە شـاری سـلێمانی دەرچـووە، خاوەنـی ئیمتیـازی پیرەمێـرد بـوو، کۆمەڵایەتـی و ئەدەبـی و سیاسـی بـوو.

ژمارە (١) ی لە ١٩٢٦/١/٢١
ژمارە (٢٥٧)ی لە ١٩٣٠/٨/١٤ دەرچووە.

## گۆڤاری زاری کرمانجی (زار کرمانجی)



زار کرمانجی

سال حەوتەم (٠) شەمو

ژمارە ٢٤ (٠) ٢٣ تموز ١٩٣٢

ئەربیە

دەوری ژیان و پێگەیشتن لە کێ مسوڕە؟

دەوری یەکەمین

ئـەم گۆڤـارە لـە ڕەوانـدوز دەرچــووە، گۆڤارێکـی کۆمەڵایەتـی و مێژوویـی بـوو، چەنـد ژمارەیەکـی ئـەم گۆڤـارەم لـە کۆنگریسـی ئەمریکـی بینیـوە، لـەو ژمارانـەدا وا دەردەکـەوێ گۆڤـاری (زار کرمانجـی)......

خاوەن ئیمتیاز: حوسێن حوزنی موکریانی

بەڕێوەبەر: گیو موکریانی

ژمارە (١)ی لە ١٩٢٦/٥/٢٥

ژمارەی، ژمارە (٢٦)ی لە ١٩٣٢ دەرچوو.

## ڕۆژنامەی ڕێی تازە (PNA TAZA)



РЙА ТӘЗӘ

АЬ ПАЛИТБЙУРОА КОММӘРКӘЗИЙА ПКТ'С

ӘЛАМӘТИЙА ИНФОРМАСИОН

ДӘРҺӘQА ПЛЕНУМА КОММӘРКӘЗИЙА ПАРТИА КОМУНИСТИЕЙӘ ӘРМӘНИСТАНЕДА

М. С. ГОРБАЧОВ


ЖЬ ПЛЕНУМА КОММӘРКӘЗИЙА ПК ӘРМӘНИСТАНЕ

ӘМРНВИСАРА

لە ئەرمەنستان، ئۆرگانی پارتی کۆمۆنسیتی بوو، یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٠ بڵاوبۆوەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ماوەی چەند ساڵێك دەرنەچوو، بەڵام ئەم ڕۆژنامەیە کوردی بوو، لەلایەن ڕۆشنبیرە کوردەکانی ئەرمەنستانەوە بە پیتی کوردی بە شێوەی هەفتانە دەرئەچوو.

ئەوانەی کاریان تێیا کردووە: میرۆ ئەسەد، حاجی جندۆ، شکر محمود... هەتا دوای هات، ٦١ ساڵی خزمەتی کرد.

# گۆڤاری هاوار



سال ١
هژمار ١٢
يكشب
٢٢ چريياپاش ١٩٣٢

# هاوار

السنة ١
العدد ١٢
الاحد
٢٧ تشرين الثاني ٩٣٢

كوڤارا كردى * مجلة كردية

نيخستيين كوڤارى

| | |
|---|---|
| يكيتيان | هثندى صورى |
| گازنا خنجرا من | جلادت عالى بدرخان |
| ام چهان پشونداماں | مصطفى شاهين |
| چاو | گوران |
| ستراناگل | دكتور كامران عالى بدرخان |
| يكبنا كردى | شاهين مصطفى شاهين |
| تازيه | ماموستا |
| كەوو تنك | مصطفى احمد بوطى |
| كر.گو و روڤى | كوچرى بوطان |
| الفابيا كردى | ج. ع. بدرخان |
| لەبو شيدكى | احمد نامى |
| خيال | طاهر فؤاد |


دیمەشـق، گۆڤارێکـی کۆمەڵایەتـی بـوو، لـە سـەرەتاوە بـە زاری کرمانجـی باکـور بـە پیتـی عەرەبـی چـاپ دەکـرا.، ژمارەکانـی دیکـەی کـرد بـە پیتـی کـوردی لاتینـی.

خاوەنی ئیمتیاز و سەرۆکی نووسین: سەیدا جەلادەت بەدرخان

ژمارە (١) لە ١٩٣٢/٥/١٥

ژمارە (٢٤)ی لە ١٩٣٢/٤/١

# گۆڤاری ڕوناکی


ڕوناکی

فهرست

| لاپەرە | | |
| --- | --- | --- |
| ٢ | اجتماعيات | ح٠ح |
| ٤ | ادبيات و آثاری ادبای کورد | ح٠ح |
| ٦ | ـ پاشماوەی لاپەرەی ٢ ـ | ح٠ح |
| ٤ | قەی بەکەلک | ح٠ح |
| ٧ | بو خاتری زمانی کوردی | علەيك م٠ع کوردی |
| ١٠ | شەری مستقبل | شقلاوە ع٠ع |
| ١٢ | دەستوری اخلاق بو نەوجوانەکان | جمال احمد قوتابي متوسطۀ هەولير |
| ١٤ | آگر پەرست | ب٠ج |
| ١٥ | زبانانی گيتی (عالم) | ب٠ج |
| ٤ | اعلان (٢) | اربيل اجراء مأموری |
| ١٦ | اعلان (٢) مدير طابو لواء اربيل ، اعلان (٣) | مدير طابو لواء اربيل |
| ٤ | اعلان (٣) | اربيل اجراء مأموری |

١٢ شباط ١٩٣٦ لەرواندز: لە چاپخانەي زاري کرمانجي دا چاپ کرا

هەولێـر، ئـەم گۆڤـارە گۆڤارێکـی وێژەیـی کـوردی یـە، باسـی ئەدەبیـات و مێـژووی و بابەتـی کۆمەڵایەتـی بڵاودەکـردەوە، لەگـەڵ ژیاننامـەی شـاعیران...


خاوەنی ئیمتیاز: شیت مصطفی

سەرنووسەری: حسێن حوزنی موکریانی

ژمارە (١)ی لە ١٩٣٥/١٢/٢٤

ژمارە (١١) لە ١٩٣٦/٥/١٦ دەرچووە.

# گۆڤاری گەلاوێژ



گەلاوێژ

گوفاریکی أدبی وثقافی مانگی کوردی یە

زمارە ۱ سال ۱ کانون أول ۹۳۹

خوێندەوارانی خۆشەویستا

حوم گەلی بە بەختیار ئەزانم کە، بە یارمەتی گەورە ودوست
ورادەران، یەکەم ژمارەی «گەلاوێژ» تان پێشکەش ئەکەم وهیوا-
یەکی زۆریشم هەیە کە هەر بەدڵ خۆشەوە لیی وەرگرن، هەروەکە شتان
بێی توانا وله سنووری دەسەلاتی خۆتانا یارمەتیم بدەن له بڵاوکردنەوە
وزیادبوون وپێشکەوتنی دا تا ئەی گەیینە ریزی گوفارە هەرەچاکەکانی
ولاتان. چونکە بێ گومان ئەو هوش ولێکدانەوە وبەزانینەی می
خستونەسەر دەور هێنانی ئەم گوفارە لەدلی ئەوەدا گەلی گەرم وبەتین ئەمە
هیچ گومان نابەم کە هەمووتان وەکو من …رشور ئەکەن وشەرمەزار
ئەبن کە بەرنەکەوت پاپەرسیاری بێگانەیەك بێنەوە بیرتان کەلەسەردەمی
رووناکی وخوێندن وزانیندا، لەم پلە بەرزەدا کەشارستانیتی گەیشتوەتی
لەروی زەمینا گوفاریکی کوردی نیە!

ئەکەس لە بری ئەبی بە کوری، ئەیەش بە گەورەی وبوشتەبی
وخوێندەواری لە دایك بوون، هەموشتی …رەتا وەدەست بێ کردنکی

بەغدا، گۆڤارێکی مانگانەیە، وێژەیی و کۆمەڵایەتی و زانیاری
خاوەنی ئیمتیاز: پارێزەر ئیبراهیم احمد
سەرنووسەر و بەڕێوەبەر: عەلائەدین سەجادی
ژمارە (۱)ی لە ۱۹۳۹/۱/۱
ژمارە (۱۷)ی لە ۱۹٤۹/۸/۱ دەرچووە.

# ڕۆژنامەی ژین



ژین



ژین

جاریکی تر لەگەڵ ئیستگەی کوردی رادیوی (بغدا)دا

کونگرەی متصرفی لیواکان

کارگەی جگەرەکەی



ژین


سلێمانی، ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بوو، بەشی وێژەیی، هونەری، هەڵبەست، سەرەڕای وتاری کۆمەڵایەتی

خاوەنی ئیمتیاز: پیرەمێرد

ژمارە(١)ی لە ١٩٣٩/١٢/٢٢

دوا ژمارەی ڕۆژی ١٩٥٠/٦/١٥ دەرچووە، وە (١٠-١٥) ژمارەی پێشکەشی بە ......مێردماڵ. پاش (١٩٥٨/٨/١٤) تیشکی ئەو ئازادییەی (ژین) ١٩٦٠/١٢/٨ کوژایەوە.

# گۆڤاری پەیژە




بەغـدا، ئـەم گۆڤـارەش لـە شـاری بەغـدا لـە چـاپ دراوە و بڵاوكراوەتـەوە.
خاوەنەكـەی (مصطفـی شـەوقی) بـوو.
ژمارە (١)ی لە  ساڵی ١٩٢٧ بڵابۆوە

## گۆڤاری دەنگی گێتی ی تازە




بەغـدا، ئـەم گۆڤـارە هەمـان سـاڵی واتـا ١٩٢٧بـووە، گۆڤارەکـە لـە لایـەن بەشـی پەیوەنـدی گشـتیەوە لـە باڵیۆزخانـەی بەریتانـی لـە بەغـدا بڵاودەکرایـەوە. تـا سـاڵی ١٩٤٧.

سەرنووسەری: حسێن حوزنی موکریانی بوو

لـە نووسـەر کـوردەکان: توفیـق وەهبـی، پیرەمێـرد، جەمیـل مامۆسـتا.

ژمارەکانـی لـە کتێبخانـەی کۆنگریسـی ئەمریکـی لـە واشـنطن هەیـە.

# گۆڤاری ڕۆژی نوێ ROJA NU



# ROJA NÛ

FRENSA U CIVATA MILETAN

## BOMBARDIMANA ESSENÊ

## CIHABA BRITANYA MEZIN


## Ordiya azahî û serbestiyê

بەیروت، ئەم گۆڤارە لەلایەن خوالێخۆشبوو: د. کامەران بەدرخان دەرچووە.

ژمارە (١)ی لە ١٩٤٣/٣/٣ دەرچووە.

ژمارەکانی بە پیتی کوردی لەهجەی بۆتانی بڵاوکرایەوە، ژمارە (١)ی لە ساڵی ١٩٤٦ بڵابۆتەوە.

# گۆڤاری هەڵاڵە


هەڵاڵە

ملتیکی بو ئەستاندنی حقی خوی تینە کوشی
و هورژم نەبا وەهەر دەفکری خو پاراستندابی
ذلیل دەبی .        حضرت علی

ژمارە ٢ سالی یەکەم
بانەمەری ١٣٢٥


چاپخانەی بوکان

بـۆکان، گۆڤارێکـی وێژەیـی و رامیاریـە، لـە ژێـر سـێبەری کۆمـاری مهابـاد لـە شـاری بـۆکان.

ژمارە (١)ی لە ١٩٤٦/٢/٢١

ژمارە (٣) لە ١٩٤٦/٦/١ دەرچووە.

# گۆڤاری گرۆگاڵی منداڵان


گروگالی مندالانی
کورد
بری کارگەرانی چاپخانەی کوردستانی
ژماره ۲
سالی ۱
۱ جوزردان ۱۳۲۵
مهاباد - چاپخانەی کوردستان

مهابـاد، گۆڤارێکـی تایبـەت بـوو بـە منـداڵان، لەلایـەن کرێکاریانـی چاپخانـەی کوردسـتانەوە دەرچـووە لـە هەمـان سـاڵ بڵاوکراوەتـەوە تەنیـا یـەك ژمـارەی لـێ دەرچـوو.

# ڕۆژنامەی هەولێر


هەولێر

اربيل

ڕۆژنامەیەکی ویژەیی و ڕۆشنبیری هەفتانەیە، کۆمەڵەی مامۆستایانی هەولێر بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاویان دەکردەوە.


بەرپرسیار: جەمیل ڕەشید ئامێدی

نووسەرەکان: عەبدولمەجید حسن، عیزەدین فەیزی، ئەستێر سەعید

ژمارە (١)ی لە ١٩٥٠/١٢/١٦

ژمارە (١٠٩) لە ١٩٥٣/٣/١ دەرچووە.

# گۆڤاری هەتاو




گۆڤاری هەتاو، گۆڤارێکی وێژەیی یە، لە شاری هەولێر دەرچووە

خاوەن ئیمتیاز: گیو موکریانی

هەڵسـورێنەر و بەرپرسـیار: پارێـزەر ئیبراهیـم عەزیـز ئاغـا دزەیـی و هەروەهـا پارێـزەر جـلال قـادر.

ئـەم گۆڤـارە لـە مـاوەی (٧) سـاڵی خزمەتێکـی گـەورەی بـە گـەل و نیشـتمان گەیانـد و ڕۆڵێکـی باشـی بینـی و تەمەنێکـی باشـی لـە گەیانـدن و هاندانـی ڕۆشـنبیرانی کـورد بینـی و بابەتـی نەتەوایەتـی بڵاودەکـردەوە.

ژمارە (١)ی لە ١٩٥٤/٥/١٥

ژمارە (١٨٨)ی لە ١٩٦٠/١٠/١ دەرچووە.

# ڕۆژنامەی (هتاو)


ژمارە ١   سال ١   ١١ ایلول ١٩٤٨

هتاو

خاوەنی امین (رواندزی)

مدیری مسئول

اعلانات

روژنامەیێکی کوردی وادبی وکومەلی یە


هەولێر، ئـەم ڕۆژنامەیـە بـە زمانـی کـوردی شـاری هەولێـر بڵاوبۆتـەوە، ڕۆژنامەیەکـی وێژەیـی و کۆمەڵایەتـی یـە.

خاوەن ئیمتیاز: ئەمین ڕەواندزی

بەڕێوەبەری بەرپرسیار: پارێزەر ناجی

ژمارەی (١) لە ١٩٤٨/٩/١١ دەرچووە.

## گۆڤاری پەیام




ئـەم گۆڤـارە لـە وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا و لـە عێـراق بڵاودەکرایـەوە، لـە ژێـر ناوەکەیـدا نووسـراوە (گۆڤارێکـی خوێنـدەواری هەفتەیـی لەلایـەن کاروبـاری ئاڵوگـۆڕی خوێندەواری ئەمریـکا دەردەهێندرێ).


ئەندازیـاری (بەکـر دلێـر) سەرپەرشـتی ئـەم گۆڤـارەی ئەمریـکا دەکـرد، مـن کـە ئێسـتا ئـەم کتێبـە دەنووسـم، (٢٢) سـاڵ (١٩٧٧-١٩٩٩) لـە ئەمریـکا بـووم سـەیری ئـەم گۆڤـاری پەیامـەم دەکـرد، کتێبخانـەی کۆنگریسـی ئەمریکـی لێـرە لـە واشـنطن لـە بـەرگ گیـراون.

# گۆڤاری هیوا




بەغدا، گۆڤارێکی وێژەیی و زانستی و کۆمەڵایەتییە، مانگێ جارێك.
خاوەنی ئیمتیاز: یانەی سەرکەوتنی کوردان
سەرنووسەر: حافظ مصطفی قاضی
ژمارە (١)ی لە ١٩٥٧/٧/١
ژمارە (٣٦) لە ١٩٦٣/٢/١ دەرچووە.

# گۆڤاری شەفەق



الشفق

مجلة أدبيـــة ، علميـة ، اجتماعيـة ، تصدر في كركوك

باللغتين العربيـة والكردية

المدد ١ و ٢ — المجلد ٢ — كانون الثاني وشباط ١٩٥٩

المحتويات

* عزيز الحاج . . . اتحاد الشعب .
* عبد الرزاق عبد الواحد . . مشاهدات في الاتحاد السوفياتي .
* الاب يوسف سعيد . . مع ديوان صدى الاعاصير .
* محمد صابر محمود . . . الى عام ١٩٥٩ ( شعر ) .
* جمال الحيدرى . . . كركوك الباسلة مدينه تآخي قوميات بلادنا .
* محمد صالح ديلان . . . ضحايا الشعب ( شعر ) .
* الدكتور صلاح الدين الناهي. الشاعر التركى روحي .
* انور محمود سامي . . . فوق القمـــة ( شـــعر ) .
* ومواضيع اخرى . . .

طبعت في ( مطبعة كركوك ) في كركوك — ثمن النسخة (٨٠) فلساً

ئـەم گۆڤـارە هـەر پانـزە ڕۆژ جارێـك لـە كەركـوك دەرچـووە، گۆڤارێكـی وێژەیـی و زانسـتی و كۆمەڵایەتییـە.

خاوەنی ئیمتیاز: عەبدولقادر بەرزنجی


بەڕێوەبەری دارایی: كەمال عەلی

ئەوانـەی بەشـداری نووسـینیان كـردووە: مـارف بەرزنجـی، حسـێن بەرزنجـی، عبدالصمـد خانقـاه، حەمیـد عثمـان، عثمـان مصطفـی خۆشـناو، گـۆران، ئیبراهیـم احمـد، محمـدی مـەلا كەریـم

ژمارە (١) لە ١٩٥٨/١/١٥

كۆتا ژمارەی لە ١٩٦٣/١٢/١١ دەرچووە.

# ڕۆژنامەی ڕزگاری



رزگاری

لسان پارتی دیموکراتی کورد عراق

باتحاد جماهیر الشعب الکردی والعربی کافحوا یداً واحدة ضد الاستعمار وجیوشه ومشاریعه ومعاهداته ومراکزه وامتیازاته

السنة الثالثة العدد (٢) تشرین الاول (١٩٤٨) الثمن (٣٠) فلساً

في سبیل تحریر کوردستان (٢)

## القضیة الکردیة والاحزاب العراقیة

قدمنا في العدد الماضي من مجلتنا تحلیلاً مقتضباً لسیاسة الحکومة العراقیة تجاه الاکراد وکردستان في عهد وزارة الصدر ووزارة التخدیر والتسکین والوعود الخلابة الفارغة والمنتهي عهدها بنصب مجلس نیابي اکثریته من ذات طینة مجلس نوري السعید تحت ضغط الارهاب والمجالس العرفیة العهد الذي اختتم بخطاب العرش المؤکد للتحالف مع بریطانیا علی اساس معاهدة ١٩٣٠ الاستعماریة وبث جبروت الشعب العظیمة امام وقف حکومة [illegible] السابق اموسرلیني [illegible] حتی من شعبنا وطفلنا فهو لا یفرق عن موقف الشوفیني المتوفی حمدي الباجه جي وصالح جبر بطل بورتسموث الخائن. مع زیادة محسوسة في العداء نحونا ونحو العراق باجمعه فالبارزانیون یموتون جوعاً في السجون ولا یمر اسبوع دون اخراج هیکل بارزاني میت من مستشفی العزل قضی علیه السل الرئوي. وامر جدید هو تجنید مواطني کردستان الآشوریین في جیش خاص بعد الاعتداء علی کردستان مقابل هبة منطقة بارزان لهم. اما العجز المالي في میزانیة الدولة ومعالجته بزیادة نسبة الضرائب فشرها یعم العراق جمیعه واکبها اشدوطأة

بەغـدا، پارتــی دیموکراتــی کورد-عێــراق، ئــەو ماوەیــە مامۆســتا هەمــزە عبـداللە سـکرتێری پارتـی بـووە. (ڕزگاری) بەپێـی ئـەو ژمارانـەی وا بینـراون، لـەم خولـەدا هـەر یەکـەم ژمـارەی بـە کـوردی و ئەوانــی دیکـەی بـە عەرەبـی دەرچـوون. پارتـی دیموکراتـی کـورد، کۆنگـرەی (٣) لـە کەرکـوك لـە ١٩٥٣/١/٢٦. هـەر ژمـارە یەکـی بـە کـوردی بـە عەرەبـی دەرچـوو، پاشـان کوردیەکـەی بـوو بـە ڕۆژنامـەی (خەبـات).

ژمارە (١) لە ١٩٤٦/٨/١٦ دەرچووە.

١٩٤٨/١/١٦

# گۆڤاری پێشکەوتن



پێشکەوتن

التقدم

كلمة التقدم

مرحبا بالبارزاني المناضل..

بين زعيم الشعب والمناضل الملا مصطفى البارزاني

تحية اعجاب وتقدير لمحكمة الشعب



پێشکەوتن

التقدم

پارەتی کوردو عــەرەب بو ئازادی عیراق

گۆڤارێکـی هەفتانـەی گشـتی بـوو، بـە زمانـی کـوردی و عەرەبـی دەرچـووە، خاوەنـی ئیمتیـاز: محمـد بريفكانـی

سەرۆکی نووسین: پارێزەر یونس سەبباغ بوو لە بەغدا.

ژمارە (١) لە ١٩٥٧/١/٢٧

لە ساڵی ١٩٦٣ داخراوە.

## ڕۆژنامەی کەرکووك (کرکوك)


کرکوک

۹ مایس ۱۹۳۰

ڕۆژنامەیـــی کـــوردی شـــاری کەرکـــوك، قەزەتەیەکـــی کوردییـــە، هەمـــوو شـــتێك ئەنووســـێ، ئێســـتاکە هـــەر ڕۆژی جومعـــە دەردەچـــێ. لـــە شـــاری کەرکوکـی باشـوری کوردستان، لـە دەسـپێکی ڕۆژنامـەی کوردییـە، چالاکییـە ڕۆشـــنبیری و ڕۆژنامەگـــەری کـــورد کاری کـــردووە.

بەڕێوەبەری و لێپرسراوی (هیجری دەدەی کاکە)


ژمارە (٢٣) لە ١٩٣٠/٦/٤ دەرچووە.

تا ساڵی ١٩٧٢

# ڕۆژنامەی خەبات



خەبات



خەبات

النضال

جريدة يومية سياسية


ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە، بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکراوەتەوە، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ڕۆژنامەی خەبات هەر لە سەرەتاوە کەوتە بەرگری کردن لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨و مافەکانی گەلی کورد بە تایبەتی. لە شاری بەغدا بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (خەبات) بە ئاشکرا بۆ گەلی کورد سەرکەوتنێکی مێژوویی بوو و پێشڕەوی پارتی دیموکراتی کوردستان.

سەرنووسەر: ئیبراهیم احمد

ژمارە (١) لە ١٩٥٩/٤/٤


ژمارە (٤٦٢) لە ١٩٦١/٣/٢٨ دەرچووە.

# گۆڤاری ڕوناهی




لەژێـر نـاوی گۆڤارەکـە نووسـراوە ئەدەبـی، زانیـاری و کۆمەلـی یـە. گۆڤـاری ڕوناهـی بەهـەردوو زاراوەی کرمانجـی و باشـور بڵاودەکرایـەوە.
خاوەنی ئمتیاز و سەرنووسەر: حافظ مصطفى قاضي
ژمارە (١) لە ١٩٦٠/٩/١٧
ژمارە (٧ و ٨) لە ١٩٦٢/١/١ دەرچوو.

# گۆڤاری ڕزگاری




ئەم گۆڤارە پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئاشکرا لە بەغدا بڵاویدەکردەوە.
خاوەنی ئیمتیاز: صالح حەیدەری
سەرۆکی مەسئولی نووسین: پارێزەر فوئاد جەواد
هەڵسوڕێنەر: جەلال تالەبانی
ژمارە (١) لە ١٩٥٩/٢/١٠
ژمارە (٨) لە ساڵی ١٩٦١ دەرچووە.

# ڕۆژنامەی ئازادی



ئازادی

روژنامەیەکی روژانەی سیاسی یە

زەعیمی خوشەویست ئەلی :

من هاوکاری ئەکەم لەگەل هەموتاقمو بیرو باوەڕیکا

کە خزمەتی ئەم ولاتە بکا

بابە هیزترو پتەوتر بیت یەکیتی ی

هیزە دیموکراتیەکانی کوردستانی عیراق!

بو سەروك عبد الكريم

ئـەم ڕۆژنامەیـە، ڕۆژنامەیەکـی سیاسـی یـە حزبـی شـیوعی عێـراق لـە کەرکـوك بـڵاوی دەکـردەوە.

خاوەن ئیمتیاز و لێپرسراوی: پارێزەر نافیع یونس

ژمارە (١) لە ١٩٥٩/٥/١

و ژمارە (٥٦)ی لە ١٩٦٠/١/٢٨ دەرچووە.

# ڕۆژنامەی کوردستان


کوردستان

وەڵاتی ئیمەتوشی دەردی نەخوێندەواری یە .

تـهـران، ڕۆژنامەیەکـی کوردییـە خزمەتێکـی گـەورەی فەرهەنـگ و ئەدەبـی کـوردی کـردووە، سـەرەڕای ئـەوەی ڕۆژنامەکـە بـە زاروەی کرمانشـانی و سـنەیی و هەورامـی و کرمانجـی نووسـراوە.

خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەر و لێپرسراوی: عبدالحمید (بدیع الزمان)

سەرنووسەر: د. محمد صدیق مفتی زادە

دەسـتەی نووسـەران: د. عبدالرحمـن، احمـد مفتـی عابـد، سـراج الدیـن، شـکرالله بابـان، خوسـرەو شـێخا ناسـووی پاڵانـی

ژمارە (١)ی لە ١٩٥٩/٩/٤

کۆتای ژمارەی لە ١٩٦٣ بڵاوکراوەتەوە.

# ڕۆژنامەی دەنگی کورد


صوت الأكراد


دەنگی کورد

بەغدا، ڕۆژنامەیەکی سیاسی سەربەخۆی کوردی و عەرەبی یە، (دەنگی کورد) ڕۆڵێکی مەزنی گێڕاوە و هەمیشە بێ سڵکردنەوە لە وتارەکانیدا داوای مافەکانی گەلی کوردی کردووە.

خاوەن و سەرۆکی نووسینی: پارێزەر عمر جلال حەوێزی

ژمارە (١)ی لە ١٩٦٠/٢/٩

ژمارە (٧٥) لە ١٩٦١/٥/١٤ دەرچووە.

# ڕۆژنامەی کوردستان




بەغدا، ئەم ڕۆژنامەیە بڵاوکراوەیەکی سیاسی بوو.
خاوەنی ئیمتیاز: پارێزەر ئیبراهیم احمد
سەرنووسەر: پارێزەر جلال تاڵەبانی
ژمارە (١)ی لە ١٩٦١/٣/٤ دەرچوو،
ژمارە (٥)ی لە ١٩٦١/٤/١٠ دەرچوو.

# ڕۆژنامەی هەولێر


أربيل تحتفل بالذكرى الرابعة لثورة ١٤ تموز المجيدة

أربيل هەولێر

مدينة أربيل تحتفل بالذكرى الرابعة لثورة ١٤ تموز المجيدة


هەولێر

قوتابخانەی کلاسیکی

بو ڕوژنامەی هەولێر

ڕۆژنامەیەکـی وێژەیـی و کۆمەڵایەتـی، پەخشـنامەیەکی هەفتەیـی بـە زمانـی کـوردی و عەرەبی.

ژمارە (١)ی لە ١٩٦١/٨/٢٢

ژمارە (٧٦) لە ١٩٦٣/٢/١٠ دەرچووە.

# گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە



دەنگی پێشمەرگە

یەرزەی پەخش و بڵاوکردنەوەی شۆڕشی کوردستان دەری ئەکا

حیزبی پیشمەرگە قەڵغانە بۆ پاراستنی بوونو مافی نەتەوایەتی کورد . خزمەتی پیشمەرگە بە گەلو پشتیوانی گەل بو پیشمەرگە گەورەترین دەستەبەری سەر کەوتنمانە .

ژمارە ٣٤ تشرینی دوهەم ١٩٦٩ چاپخانەی خەبات


بەشەرری کوردستان بەختیەکان گورر بو خویان هەڵئەکەنن

ناحیـەی گەڵاڵـە، گونـدی ناوپـردان، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، گۆڤارێکـی مانگانەبـوو. ووتـاری تایبەتـی سـەبارەت بـە شـۆڕش بلاودەکـردەوە. سـەرەڕای بڵاوکردنـەوەی هەڵبەسـت و دەنـگ و باسـی هێزەکانـی پێشـمەرگە. چاپخانـەی خەبـات.

ژمارە (١)ی لە ١٩٦٥/١/١ دەرچووە،

ژمارە (٢٦)ی لە ١٩٧٥/١/١ دەرچووە.

# گۆڤاری کادر



الـكادر

مجلة نظرية يصدرها الحزب الديمقراطي الكردستاني

د : ١٤ — ١٥ ـ الشهر ـ تموز ـ آب ـ السنةـ ـ الرابعة ـ ٧٢

أقرأ في هـذا العـدد :

الاكراد و كردستان بين الامة العربية والبلاد العربية .

ماهو الحكم الذاتي .

رأى الحزب الديمقراطي الكردستاني حول ميثاق العمل الوطني

العنف الثوري والارهاب .

اتفاقية آذار مانفذ ومالم ينفذ منها .


ول اليمين واليسار في الحياة السياسية .

خطوط العامة لاتفاقية السودان الاخيرة .

اولة أخرى لاغتيال السيد البارزاني .

ي الاسراع في تطبيق الحقوق الثقافية لشعبنا الكردي .

ن سؤال وجواب .




گۆڤارێکـی تیـۆری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانە، لـە ناحیـەی گەڵاڵـە گونـدی ناوپـردان دەرچـووە، ناوبەنـاو پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەرئەکـرد. کادر، کـوردی و عەرەبـی بـوو، وتـاری سـەبارەت بـە رێکخسـتن بڵاوئەکـردەوە.

ژمارە (١)ی لە ١٩٦٨/٧/١

ژمارە (٢٥) لە ١٩٧٥/١/١ دەرچووە.

# ڕۆژنامەی التاخی



اخر تطورات الوقف الوزاري

التآخي

كلمة توجيهية للسيد البارزاني

التآخي

التآخي

اضراب سلمي شامل في كردستان

ئەوەبوو بڕیاردرا ڕۆژنامەی (التاخی) لە ڕاستیدا چەژنێك وەرچەرخانێكی نوێ بوو لە كاروانی ڕۆژنامەگەری كوردی بەگشتی و ڕۆژنامەگەری پارتی (التاخی) كوردی و عەرەبی بوو. ژمارە (١)ی لە ١٩٦٧/٤/٢٩ دەرچوو، شۆڕشی گەلی كوردمان لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ ڕاپەڕینێكی گەورەبوو بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە داخوازی كورد و مافە ڕەواكانی كە ڕەوان. پارتی دیموكراتی كوردستان دەری دەكرد.

# ڕۆژنامەی برایەتی



بابشەکێتە وە ئالای برایي بۆ بێکهێنانی
یەکسانی ئەواو یەکیەتی و ئاسایش لە لەمەموو عێراقدا

برايي

رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسییە

سەرۆک کۆمار وەڵامی پرسیارەکان ئەداتەوە

بارزانی پیرۆزبایي لە برايي ئەکات

بارزانی ئەڵێ


پیرۆزبایی سەرەک کۆمار

ووتەی پیرۆزبایی بارزانی

نەخشەمان

خاوەنەکانی ئیمتیازو سەرەك نووسەری لێپرسراو: صالح یوسفی
دەستەی نووسەران: ئەندازیار شەوکەت عەقراوی، پارێزەر نجیب بابان، محمد سعید جاف، عبدالله سعید.
ژمارە (١) لە ١٩٦٧/٥/٦.

# گۆڤاری سلێمانی




بڵاوکـراوەی شـارەوانی سـلێمانی بـوو مانگـی جارێـك دەرئەچـوو.
خاوەنـی ئیمتیـاز: جمـال بابـان
دەسـتەی نووسـەران: ١-بەڕێوەبـەری شـارەوانی و سـەرۆکی قومسـەران. ٢-محمـد مصطفـی کـوردی بەڕێوەبـەری لێپرسـراو. ٣-جمـال شـالی ئەنـدام. ٥- محمـود زیـوەر ئەنـدام.
ژمارە (١) لە ساڵی ١٩٦٨
ژمارە (٨) لە ساڵی ١٩٦٩دەرچووە.


# ڕۆژنامەی هاوکاری


هاوکاری

CIYA


ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یە، لە بەغداد دەردەچوو، سەرنووسەر سەربەست بامەڕنی و کمال ڕەئوف محمد.
ژمارەی (١) لە ١٩٧٠/١/٩ دەرچووە

## گۆڤاری بەیان





گۆڤارێکی ویژەیی و هونەری گشتی خزمەتێکی زۆری بە ئەدەبی کوردی کردووە.
سەرنووسەر د. ئەکرەم فاضل
نووسینی مصطفی نەریمان
ژمارە (١)ی لە ١٩٦٩/١/٩
ژمارە (١٩٦)ی لە ساڵی ٢٠٠٣ دەرچووە.

## گۆڤاری نووسەری کورد





